# سکاینەرێک کتێبێک لە خولەکێکدا سکان دەکات



کۆمپانیایەکــی ژاپۆنـــی کــە هەرچەندە زۆریش ناسراو نییە، بەڵام بەهــۆی بەرهەمهێنانی کاراترین و سەرنجڕاکێشترین سکاینەرەوە کەوتە ناو ناوانەوە. سکاینەر ئەو ئامێرەیە کە ئەرکی گواستنەوەی داتاکانی سەر کاغەزە بۆ سەر کۆمپیوتەر وەك سکانکردنی وێنە و دەق.

سکاینەرەکەی کۆمپانیای Dai Ni-pon Printing دەتوانێــت لەیــەك خولەکــدا کتێبێکی 250 لاپەڕەیی ســکان بکات. تەکنەلۆژییەك لەو ســکاینەرەدا بەکارهاتووە کە دەتوانێت بــە خێراییەکی زۆر لاپەڕەکان هەڵداتەوە، لەوکاتەشــدا دوو کامێرا کە لەســەرەوەی لاپەڕەکە داندراون وێنــەی لاپەڕەکان بە کوالیتی زۆرەوە دەگرن. بە ئاســانی کتێبە سکانکراوەکە دەبن بەو فۆرماتەی کە بۆ خوێندنەوە پێویستە.

زۆربەی ســکاینەرەکان دەبێت لەکاتی ســکانکردنی کتێبدا، کتێبەکە لەبەریەك هەڵوەشــێندرەوە، بۆ ئەوەی کە لاپەڕەکان لە ســکاینەردا جێگا بگرن، بەڵام ئەو ســکاینەرە پێویست ناکات کتێبی بۆ هەڵوەشێندرەوە.

# کامێرایەک هەموو ساتەکانی ژیانتان تۆمار دەکات



کۆمپانیایەکی ســویدی بەنــاوی ”مەمتۆ“ کامێرایەکی زۆر بچووکی بەرهەم هێناوە کە وەك قردێلەیەك لە شوێنی بۆینباخ دەدرێت و بەهۆیەوە گشت ســاتەکانی ژیان تۆمار دەکەیت. کۆمپانیای ناوبــراو لە ریکلامەکەیدا دەڵێت، ئێمە کامێرایەکمــان بەرهەم هێناوە کە هەموو ســاتەکانی ژیان لەگەڵتان دەبێت و لە هەموو شتێك فیلم هەڵدەگرێتەوە.

ئێوە ئەو کامێرا چاودێرییانەتان دیوە کە لە سوپەر مارکێت و شوێنە گرنگییە ئەمنییەکان و نەخۆشخانە و رستۆرانت... تاد دەدرێن و هەموو رووداوەکانی ناو ئەو شــوێنانە تۆمار دەکەن، کامێرا بچووکــەی ”مەمتۆ“ش ئاوایە کە هەموو ساتەکان بە فۆرماتی MP5 تۆمار دەکات و راستەوخۆش وێنەکان بۆ ســەر کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. کامێراکە لەهەر 30 چرکەدا وێنەیەك دەگرێت و شوێنە جوگرافییەکەشی نیشان دەدات.

# کتێبخانەیەکی دیجیتاڵی بۆ منداڵان

تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ گرنگییەکی زۆری بە جیهانی منداڵان داوە، گەلێك ئامێر لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەزنەکان بەرهەم هاتوون، هی تایبەت بە منداڵانیش دروستکراون، وەك کۆمپیوتەری تایبەت بە منداڵان، یان کامێرا و کاتژمێر و مۆبایل و ...تاد تایبەت بە منداڵان.

کتێبخانەی دیجیتالی ماوەیەکی زۆر نییە لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا خۆی دەبینێتەوە و هەرچەندە زۆر خوێنەر لە گەڵ ئەم تەکنەلۆژییە نوێیە ئاشنا نین و زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی سەر کاغەز وەردەگرن. لەم ماوەیەدا کتێبخانەیەکی نوێی دیجیتالی بەناوی Kidspad کە هی کۆمپانیای LGیە و تایبەت بە منداڵانە هاتۆتە بەرهەم. کۆمپانیای ناوبراو رایدەگەیەنێت کە کۆمپانیاکەی هەوڵدەدات بە گرنگییەوە سەیری جیهانی منداڵان بکات و لەمەولا لە تەکنەلۆژییە نوێیەکاندا ئەوانیش لەبیر نەکات تاکو بەهۆی بەرهەمە نوێیە دیجیتالییەکان منداڵان هەست و بەهرەیان زیاتر روو لە گەشانەوە بکات. لەم کتێبخانە دیجیتالییەدا کە تایبەت بە منداڵانە، سەدان چیرۆکی تایبەت بە منداڵان، یاریی تایبەت بە منداڵانی تێدایە، هەروەها تەبلێتەکە بە جۆرێك بەرهەم هاتووە کە رووناکییەکەی ئازار بە چاوی منداڵان نەگەیەنێت.



# کیبۆردێکی تایبەت و بەهێز

کیبۆرد لە کۆمپیوتەردا گرنگترین رۆڵ دەبینێت، کۆمپانیای iKey کە کۆمپانیایەکە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی کیبۆردی کۆمپیوتەر بەم دواییە کیبۆردێکی نوێی بەرهەم هێناوە، کیبۆردەکە کە بە مۆدێلی SWB-86-TP ناسراوە، زۆر بەهێزە لە ئاست پێکەوتن و بەربوونەوە.

کیبۆردەکە پێکهاتەکەی دژە ئاوە و بۆ شوێنە گشتییەکان و هەروەها بۆ نێو ئۆتۆمبێلەکان گونجاوە. تایبەتمەندییەکی کیبۆردەکە لەوەدایە کە هەر دوگمەیەك گڵۆپی رووناکی تایبەت بەخۆی هەیە و بۆ تایب کردن لە شوێنی تاریکدا گونجاوە. هەروەها پەدێکی لەمسی لەگەڵ کیبۆردەکەدایە کە پێویست ناکات بەکارهێنەر ماوس بەکار بهێنێت.

# سپیلتێکی دژە مێشوولە

لە هاویندا هەر گەرما تاقەت پرۆکێنەکە نییە کە هەموو برستێکت لێدەبڕێ، بگرە زیادبوونی مێش و مێشوولەش دەردێکی دیکەیە کە خەو و خۆراکت لێ هەڵدەگرێت، زۆر ژەهری دژە مێشوولە و ئامێری دیکە بۆ لەناوبردنی مێشوولە لە هاویندا بەکار دێن، کەچی هێشتا بنبڕ نابن.

کۆمپانیای LG سپیلتێکی داهێناوە جگە لەوەی وەك سپیلت ئەرکی گەرما و سەرما ئەنجام دەدات، سیستەمێکی دژە مێشوولەشی لەگەڵدایە، سیستەمەکە جۆرە شەپۆلێك بڵاودەکاتەوە کە مێشوولەکان لێی دوورەدەکەونەوە. لەسەر کۆنترۆڵی سپیلتەکە دوگمەیەك بەناوی anti-mosquito هەیە کە بە داگرتنی دوگمەکە سیستەمەکە ئەکتیڤ دەبێت.



# دەسکی گەمە بۆ مۆبایلی ئەندرۆید

مۆبایل لەم دە ساڵەی دواییدا بەرادەیەك بەرەو پێش چوو، کە شوێنی چەندین ئامێری گرنگی گرتۆتـــەوە، وەك کامێرای دیجیتالـــی، ریکۆدەر، کاتژمێر و تەنانـــەت کۆمپیوتەر و تەبلێتیش.. بەهۆی قەبارەی بچووکی مۆبایل ناتوانرێت وەك پێویست سوودی لێوەربگیردرێت، چونکە ناکرێت وەك ئامێری گەمەکردن یان وەك کۆمپیوتەرێك ئەرکەکانی راپەڕێنێ، چونکە کیبۆردەکەی خۆی زۆر بچووکـــە و هەروەها دەســـکی گەمەی بۆ یاریکردن تێدا نییە، بـــەڵام لەم دواییەدا چەندین کۆمپانیـــا هەوڵیانداوە دەســـکی گەمە کە بە واتا لاتینییەکـــەی پێیدەگوترێت joystick تایبەت بە مۆبایلە هۆشـــمەندەکان بەرهەم بێنن، کۆمپانیای MOGA لەم دواییەدا دەســـکی گەمەیەکی تایبەت بە مۆبایلی ئەندرۆیدی بەرهەم هێناوە، کە زیاتر وەك پایەیەك بۆ مۆبایلە هۆشـــمەندەکە دەچێـــت، بەهۆیەوە دەتوانی مۆبایلە هۆشـــمەندەکان بکەی بە ئامێرێکی گەمەکردنـــی زۆر پێشکەوتوو.




## پرۆگرامێك بۆ گۆڕینی فۆرماتی فایلە ڤیدیۆییەکان

ئەمرۆکـــە هەرچەندە تەکنەلۆژیای دیجیتالی گەیشـــتۆتە لوتکە، ســـەدان فۆرمات و ئامێر بۆ بڵاوکردنـــەوەی فایلە ڤیدیۆییەکان بوونیان هەیە، بەڵام هێشـــتاش ســـوود وەرگرتن لە پرۆگرامێکی بگۆڕ بۆ گۆڕینی فۆرماتە دەنگی و ڕەنگییەکان زۆر پێویســـتە، چونکە هێشـــتاش ئامێرە DVD یەکانـــی ماڵەوە ناتوانن زۆربەی فۆرماتەکان بخوێننەوە و ناچار دەبین لەســـەر کۆمپیوتەر بەهۆی پرۆگرامێکی بگۆڕ، فۆرماتی فایلەکە بگۆڕین بۆ ئەوەی کە لەســـەر DVD ماڵەوەو لە تەلەڤزیۆن فیلمەکە ببینین.

پرۆگرامی ACDSee Video Converter لە ریزی ئەو پرۆگرامانە دێن کە ئەرکی گۆڕینی فۆرماتەکان بە خێرایی و بەشـــێوەیەکی پێشکەوتوو ئەنجام دەدەن، پرۆگرامەکە لە یەك کاتدا چەندین فایل بۆ فۆرماتی جۆراوجـــۆر دەگۆڕێت، هەروەها لەگەڵ هەموو هاندێکی مۆبایلیش دەگونجێت، جگەلەوەش ئەو فایلانەی کە وەریان دەگێڕێت بۆ سایتەکانی تایبەت بە فیلم بەڕێ دەکات.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- ناساندن و هاوئاهەنگی لەگەڵ فۆرماتە باوەکان.
- گونجان لەگەڵ سیستەمەکانی دەنگ و ڕەنگی ئامێرە دیجیتالییەکان.
- توانای رایت کردن بۆ سەر DVD.
- توانـــای Rip کردنـــی ڤیدیۆیەکان لە گشـــت جۆرە دیسکێك.
- ڕێکخســـتنی چۆنییەتی فیلمەکە بـــەو کوالیتی و سایزەکەی کە مەبەستتە.
- گۆڕینی چەندین فۆرمات لە یەك کاتدا و گونجان لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی ویندۆز.





## ئۆنلاین و بە گرووپ وانەکانتان بخوێنن




هیچ شـــتێك وەك جیهانـــی بەرفراوانی ئینتەرنێـــت خزمەتگـــوزاری خوێنـــدن و خوێندنـــەوەی ئاســـان نەکـــردووە، ئەگەر یەکێك بیهەوێ بەراســـتی بەدوای زانست و خوێندنەوە و بەهێزکردنی هزر و زانستەکەی بکەوێ، جیهانی ئینتەرنێت ئاسانترین و فرە سەرچاوەترین ڕێگایە. سەدان سایت هەن بۆ وانە وتنەوە لەسەر ئینتەرنێت بۆ هەرمەبەستێك کە نیازتـــە. ئەگەر ئێـــوە و هاوڕێیانتان لە جیهانـــی ئینتەرنێت بە خێرایی و بێ گرفت لەبارەی وانەکانتان و گرفتەکانی زانکۆکەتان دیالۆگ بکەن و هەر لەو کاتەدا وێنە، دەق و فایلەکانی پەیوەندیدار بە وانەکانتان لەگەڵ هاوڕێیانتان بکەنە هاوبەش و لە پرۆژەکانتان ئۆنلاین لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن، سایتی Thinkbinder ســـایتێکی گرنگە بۆ باس وگفتوگۆ و هاوبەشی کردنی فایلەکان و ڕێکخستنی ئۆنلاین بۆ سوود وەرگرتن لە پرۆژەکانی وانەوتنەوە. لەو ســـایتەدا دەتوانن لەگەڵ هاووانەکانتان پێکەوە لەسەر بابەتێك قســـە بکەن، فایل و داتـــا ئاڵوگۆڕ بکەن، زانیاری زیاتری ســـەبارەت بەوانەکانتان وەك دەرس و گرتەی ڤیدیۆیـــی بۆ یەکتر بنێرن یان هەمووتان پێکەوە سەیری بکەن.. سایتی ناوبراو ســـایتێکە لە خزمـــەت وانەکانتان بە شێوەی ئۆنلاین.

# تەبلێت و نوت بوک و دیسکتۆپ لە یەک ئامێردا




کۆمپیوتەری مۆدێلی T1125N-B کە بەرهەمی کۆمپانیای گیگابایتە، لە یەك كاتدا هەم نوتی بووکە واتە لاپتۆپی بچووك و هەم تەبلێتە و هەم دەکرێت وەك کۆمپیوتەری سەر مێز سوودی لێوەربگیرێت.

کۆمپیوتەرەکــە پرۆسیســەری جــۆری core i5ی کۆمپانیــای ئەنتەلی لەســەرە، رامەکەی چــوار گیگابایتە و هارددیسکەکەی 500 گیگابایتە. کارتی گرافیکی کۆمپیوتەرەکە لە جۆری Nvidia geForce 310M کە بۆ ســوودوەرگرتن لە فیلمی Full HD گونجــاوە. هەمــوو ئەو کەلێن و پۆرتانەی کە بۆ کێبڵە جۆراوجۆرەکان پێویســتن لەو کۆمپیوتەرەدا هەن. بەهۆی ئامێری Dockstation دەتوانیت ئامێرەکە بکەیت بە کۆمپیوتەری سەرمێز، ئەوکات دەکرێت کیبۆرد و ماوسیشی بۆ دابندرێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرســیار دەکات کە لەم رۆژانــەدا هاردێکی 750 گیگابایتیم کڕیوە، بەڵام کاتێك بە کۆمپیوتەر ســەیرم کرد، بینیم هاردەکە تەنیا 70 گیگابایتە، واتە لەو نێوەدا 50 گیگابایت نەماوە، هەربۆیە چوومەوە ئەو شوێنەی کە هاردەکەم لێی کڕیوە و لەوێ پێیان گوتم بۆخــۆی وایە واتە هیچ کات قەوارەی واقیعی خۆی ناخوێنێتەوە و ئەوەی لەســەری نووسراوە کەمتر دەردەچێت، ئایا بەراستی وایە و گەر وایە بۆچی؟

خوێنــەری بەڕێز ئەو گرفتــە بۆ منیش هاتۆتــە پێش، بەڵێ راســت دەکــەن هاردە ئورکستانەلەکان، واتە هاردی خاریجی یا فلاش میمۆری ئەو قەوارەی کە لەســەری نووسراوە دروســت بەم شــێوەیە نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە.

خۆت دەزانی بۆ پێوان و دیاریکردنی قەوارە و کێشی زۆر شت بە کیلۆ دیاری دەکرێت، وەك کیلۆگرام، واتە (هەزار گرام) کیلۆمەتر(هەزار مەتــر) کیلۆ وات (هەزار وات)....تاد. بەڵام لە کۆمپیوتەردا کیلۆ بایت واتە (1024 بایت) چونکە بچووکترین یەکە لە کۆمپیوتەردا 2یە نەك ژمارە یەك، بۆ نموونە ئەوا دەست پێدەکات (2,4,8,16,32.... هەتــا 1024) کە دەبێتە کیلۆبایتێك.. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی فلاش میمۆری و هارددیسك کیلۆ بە هەزار دیاری دەکەن نەك 1024، بەڵام کۆمپیوتەر بەمجۆرە نییە. کەوایە لە هەر 1204کیلۆبایتێکدا، 24 بایت کەمدەبێتەوە. لە ئاکامدا هاردێکی 750 گیگابایتی 50 گیگابایتی لێکەم دەبێتەوە.

# ریکلام کردن لە جیهانی دیجیتالدا



هیچ شــتێك بەقــەد تەکنەلۆژیای نوێ جیهانی ریــکلام و پڕوپاگەندەی نەگۆڕیوە، کۆمپانیای شــارپ کە بەیەکێك لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن ناسراوە، ماوەیەك لەمەوبەر تەلەڤزیۆنێکی 90 ئینجی بەرهەم هێنا، ئێســتاکە کۆمپانیای ناوبــراو گەیشــتۆتە ئــەو بڕوایــەی کە دەکرێــت تەلەڤزیۆنەکــە وەك تابلۆیــەك بۆ ریکلام کردن بــەکار بێنێت، ئەویش بە چەند دەستکارییەکەوە.

PN-R903 ناوی شاشەیەکی لە جۆری P1080 واتــە فول ئیــچ دی کۆمپانیای ناوبراوە، کۆمپانیای شارپ رایدەگەیەنێ کە ئەم تەلەڤزیۆنــە یەکەمین تابلۆی دیجیتالی لــە جــۆری LCDیە، کــە قــەدو باڵای مرۆڤێــك بە واقیعی نیشــان دەدات. رەنگە تابلــۆ ریکلامەکەی شــارپ لە فرۆشــگا و ســوپێرمارکەتەکانی جلوبەرگ فرۆشــی سوودی لێوەربگیرێت. شارپ دەڵێت شاشەکە بــە رووناکی لــە جــۆری CD/m2700 دەتوانێت وێنە بە کوالیتی زۆر بەرز لە شوێنە رووناکەکان نیشان بدات.